**لیۆنیل بیهنار «شرۆڤەکاری سیاسی و رۆژنامەنووسی جیهانی » بۆ گوڵان:**



# هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەیە، پێویستی بە بنکەی سەربازیی ئەمەریکا نابێت

**لیۆنیل بیهنار کە ئێستا شرۆڤەکاری سیاسییە لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە «CFR» و رۆژانە شرۆڤەی سیاسی رووداوە گەرمەکان دەنووسێت، یەکێکە لەو رۆژنامەنووسانەی کە کاری لەسەر مەسەلەی عێراق و ئەفغانستان و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کردووە و لە رۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز و کریستیان ساینس مۆنیتەر و بەلتیمۆر سەن و شیکاگۆ تریبیۆن و یو ئێس ئەی تودەی و چەندین رۆژنامەی دیکە نووسینی بلاوکردۆتەوە، لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەش «CFR» بێجگە لە شرۆڤەی سیاسی رۆژانەی بۆ رووداوە گەرمەکان، چەندین دیمانەشی لەگەڵ شارەزا و پسپۆرانی سیاسەت ئەنجامداوە.**

**گوڵان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی عێراق و ئاییندەی کوردستان و رەوتی رووداوەکان چەند پرسیارێکی ئاراستەی بەڕێز بیهنار کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### براوەی سەرەکی لە عێراقدا ئێرانە

ئەگەر ئەمەریکا لە شەڕی عێراقدا سەرکەوتوو نەبێت، دەبێ لایەنی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا کێ بێت؟ بێگومان بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە لایەنە براوەکانی ئەم شەڕە زۆرن، بەڵام ئەو بۆچوونانەی سەبارەت بە لایەنێک یان چەند لایەنێکی دیاریکراو زۆرینە لە سەری کۆک بن، زیاتر لایەنی ئێرانە، لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتەی ئێستا لە عێراقدا بە رێگەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێراوە، حکومەتی زۆرینەی شیعەیە، لایەنە سیاسییە شیعییەکانیش بە لایەنگیری ئێران لە قەڵەم دەدرێن.

بەڵام ئەوەی لەم مەسەلەیەدا هاوکێشەکە بە ئاراستەیەکی دیکە دەبات، ئەوەیە ئێران و ئەمەریکا نەک هەر کێشە و گرفتیان لە نێواندا هەیە، بەڵکو مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ترسی پێکدادانی سەربازییش لە نێوانیاندا رووبدات، دەربارەی رۆڵی ئێران لە هاوکێشەی عێراقدا رۆژنامەنووس بیهنار بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«پێموایە ئەو لایەنەی لە بارودۆخی عێراق لە هەموان سوودمەندتر بووە، ئێرانە، ئیدارەی سەرۆک بوشیش زۆر لە ئێران نیگەرانە، لەبەر پرۆگرامە نیوکلیارییەکەی و ئەو دەستێوەردانەی لە عێراقدا دەیکات، ئێستا عێراق ئەو وڵاتەیە کە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئەمەریکا دەیپارێزێت، هەر بۆیە چارەنووسی سیاسی عێراق لە هەردوو حاڵەتی سەرکەوتن و شکستدا لە ئەستۆی ئەمەریکادایە، هەر بۆیە ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست بهێنێت «کە من پێموایە شکستی هێناوە» ئەوا دەرهاوێشتەی ئەم شکستە رەنگدانەوەی لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە دەبێت، ئەمەریکا ناچار دەبێت ناوچەکە بەجێ بهێڵێت.

رەنگدانەوەی ئەم واقیعە لە هەوڵە سیاسییەکانیشدا رەنگیداوەتەوە، ئێستا ئەگەر ئەمەریکا و ئێران وتووێژ بکەن، دەبینین ئەمەریکا وەک لایەنێکی بێ هێزی هاوکێشەکە سەیر دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەمەریکا هەوڵدەدات بەو شێوە

وتوویژ لەگەڵ ئێران نەکات، تا ئەو کاتەی سیاسەتێکی بەهێز لە عێراقدا پیادە دەکات.

بۆ بونیادی ئەم سیاسەتەش ئەمەریکا ستراتیژییەتێکی نوێی پیادەکردووە کە ئەویش ناردنی هێزی سەربازی زیاترە بۆ عــێـــراق، بۆ ئەوەی لەلایەک ئارامی و سەقامگیری لە شاری بەغدا و پارێزگای ئەنبار و ناوەڕاســـتی ســـوننەنشین دابین بکات، هەروەها سنوورێکیش بۆ نفوزی ئێران لە عێراقدا دابنێت.

ئەم ســیـــاســـەتە تازەیەی ئەمــەریکاش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە ئەمەریکا ناخوازێت دیالۆگ لەگەڵ ئێـــران بکات ئەگـــەر لە پێگەیەکی بەهێــز نەبێت، لەلایەکی دیکە نایەوێت بەشێوەیەکی کتوپڕ و خێرا عێراق بەجێ بهێڵێت.

وێڕای هەمـوو ئەمـانەش ئێـسـتـا تەواوی بەرپرسـانی ئەمەریکا، لە ئامانجی سیاسی شەڕەکە خۆیان بە دۆڕاو دەزانن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە لە دوو فاکتەری سەرەکیدا نەیانتـوانیـیـوە هیچ بەرەوپێـشـەوەچوونێک بەدەست بهێنن:

یەکـەم/ ئەمــەریکا نەیتــوانی بارودۆخی عــێـــراق بەشێوەیەکی ئەوتۆ سـەقـامگیـر و ئارام بکات، هەتا عــێـــراقـیـیـەکـان بتـوانن ئەرکی پاراسـتنی ئەو سەقامگیرییە بگرنە ئەستۆ، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا زیاتر لە عێراقدا پێویست بێت و نەتوانن بەپێی پلانێکی نەخشـە بۆ کێشراو بکشێنەوە.

دووەم/ واقــیـعـی ناوەڕاست و باشـووری عــێـــراق سەلماندی کە لەم دوو ناوچەیە دیموکراسی پیادە ناکرێت. ئەم دوو فاکتەرە هەردووکیان لە بەرژەوەندی ئێراندایە، هەر بۆیە ئێـران تا ئێـسـتـا وەک براوەی سـەرەکی لە شەڕی عێراقدا سەیر دەکرێت.

**هەتا کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بارودۆخی هەرێمی کوردستان وەک خۆی دەبێت**

وێڕای ئەو گـوشـار و فـشـارانەی لە هەمـوو لایەکـەوە دەکرێتە سەر ئیدارەی بوش و سیاسەتی ئێستای لە عێراقدا، هەروەها مەزەندە و مەزەندەکاری لەسەر ئاکام و شکستی ئەم سیاسەتە، بەڵام هەندێک لە چاودێر و شرۆڤەکاران مەسەلەی دابەشکردنی عێراق و کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ، دەبەستنەوە بە چەند هۆکارێکی دیکەی گـرنـگ و هەروەها هەڵبــژاردنی داهاتووی ئەمـەریکاوە، لەمـبـارەوە لیـۆنیل بیـهنار دەڵێت: «بارودۆخی عـێـراق لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیـهـان جیـاوازە، ئەم جیـاوازییـەی عـێـراق لەبەر فرەیی و هەمـەڕەنگی پێکهاتەی عـێـراق نیـیـە، بەڵکو لەبەر تێکەڵاوی ئەم فرەیی و جیاوازییەیە لە چەندین ناوچەی عـێـراقـدا، بەتایبـەتی بەغدا کە پایتـەختی عـێـراقـە و گـەورەترین ژمـارەی دانیـشـتـووانی هەیە، هەروەها کەرکوک کە گەورەترین کێڵگەی نەوتی تێدایە.

لەم بارودۆخەدا ناتوانرێت عـێـراق دابەشبکرێت، لەبەر ئەوەی پرسیار ئەوەیە عێراق لەسەر چ بنەمایەک بکەینە سێ پارچەی کـورد و شـیـعـە و سـوننە، تەنانەت لەم بارودۆخــەدا هەوڵدان بۆ سێ هەرێمی فــیــدراڵیش کارێکی ئاسان نییـە، لەم هاوکێـشـەیەدا بارودۆخی هەرێمی کـوردســتـان تاڕادەیەک جیـاوازە، دەکـرێت هەرێمی کوردسـتـان بەم سنوورە ئیداریەی ئێـسـتـای بمێنێتەوە، هەتا ریفراندۆمی کەرکوک لە دیسـەمبەری داهاتوو ئەنجامدەدرێت، لەم ریفراندۆمـەدا چارەنووسی کـەرکـوک یەکـلایی دەبێـتـەوە، بۆیە دەکـرێت ئەو کـاتە باس لە گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستاندا بکەین.

بەڵام یەکلاییبوونەوەی کێشەی کەرکوکیش کاریگەری لەسەر پەیوەندییـەکـانی تورکـیـا و ئەمـەریکا دەبێت، ئەمــەش لەبەر ئەوەیە رەوتی رووداوەکـان ئامـاژە بەوە دەکەن ریفراندۆمەکە لە بەرژەوەندی کورد تەواو بێت.

لەم حاڵەتەدا کە بارودۆخی عێراقیش رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، پێموایە پێشبینی بۆ گۆڕانکاری گـەورە کـارێکی زەحـمـەتە و من وای دەبینم هەتا هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمەریکا بارودۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**پێشوازی دەوڵەتانی عەرەبی لە سەرۆکی کوردستان، رەنگدانەوەی پێگەی هەرێمی کوردستانە**

بێـجگە لە ئێـران و سـوریا و تورکـیـا، کـە سێ دەوڵەتەکـەی هاوسێی هەرێمی کـوردسـتـانن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی هەتا ئێستاش ئەم هەرێمە بەشێکە لە عـێـراق، ئەوا دەوڵەتانی ئەردەن و سـعـودیەش کـە هاوسێی عێراقن بایەخێکی گرنگیان بۆ سەر هەرێمی کوردستـان هەیە، دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، بەم دواییە هەردوو دەوڵەت بە فەرمی داوەتی سەرۆکی کـوردسـتـانیـان کـرد و، هەندێک ئەم بانگهێـشـتـە فەرمیەی ئەردەن و سعودیە بۆ سەرۆکی کوردستان بە دەستپێـێکی کرانەوەیەک و تەفـەهومێکی دەوڵەتانی عەرەبی دەزانن دەربارەی هەرێمی کوردستان، دەربارەی ئەم وەرچەرخانە، رۆژنامەنووس بیـهنار گوتی: «ئێران لە هەموو هاوکێشەکاندا رۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت، هەر بۆیە پێموایە دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە و ئەردەن و هەروەها میـسریش لە ئاستی هەڵکشانی نفـوزی ئێـرانی لە ناوچەکـە و عـێـراقـدا دەبێ واز لە بێدەنگی بهێنن و هەڵوێستێکیان هەبێت، بۆ ئەمڕۆ وا پێویست دەکات زیاتر تێکەڵی کێشەکانی عێراق بین، ئەوەی دەوڵەتی سعودیە و ئەردەن و مـیـسر دەخوازن، ئەوەی عـێـراق لەسـەر بنەمـایەکی مۆدێرن و عـەلمانی دابمەزرێتـەوە و هەروەها خـوازیاری ئەوەشن کـە سـوننە حوکـمڕانی عـێـراق بکات، لەم هاوکـێـشـەیەدا کـورد پێگەیەکی بەهێـزی هەیە و ئەزمـوونێکی گـەورەشی هەیە، بۆیە دەبێ لە هەر هەوڵـێکیـاندا ئاییندە رۆڵ و پێگەی هەرێمی کـوردسـتـان لەبەرچاو بگرن، لەلایەکی دیکە هەرێمی کـــوردســــتــــان هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرێت کە ببێـتـە هەرێمـێـک خاوەنی سـەرچاوەی پەترۆل بێت، ئەمەش وێڕای ئەوەی دەسـتووری عـێـراق داهاتەکەی دەداتەوە بە عـێـراقـییـەکـان، بەڵام بوونی بە هەرێمێک کە خاوەنی سەرچاوەی پەترۆل بێت بایەخی زیاتر دەکات.

**هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەیە پێویستی بە بنکەی سەربازی ئەمەریکا نییە**

پارێزەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەندین ساڵی رابردووی پێش رووخــانی رژێم و دوای رووخــانی رژێمیش، هێزی پێـشـمـەرگـەی کوردسـتـان بووە، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی مەترسی و هەڕەشەکانی دەوروبەر، مـەترسی ئەوەش دەکـرێت کـە هێـزی پێـشـمـەرگـەی کـوردسـتـان نەتوانێت بە تەنیـا و بە بێ هاریکاری هاوپەیمانان بەسەر هەموو تەحددییەکاندا زاڵ بێت، لەم چوارچێوەیەدا بوونی بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی لە

**ئەو لایەنەی لە بارودۆخی عێراق لە هەمووان سوودمەندتر بووە، ئێرانە**

**واقیعی ناوەڕاست و باشووری عێراق سەلماندی کە لەم دوو ناوچەیە دیموکراسی پیادە ناکرێت هەر بۆیە ئێران تا ئێستا وەک براوەی سەرەکی لە شەڕی عێراقدا سەیر دەکرێت**

**هێندەی ئێمە وەک رۆژنامەنووس و چاودێر ئاگادارین، ئەمەریکا هیچ بەرنامەیەکی نییە بەم زوانە لە عێراقدا بکشێتەوە هەتا بیر لە دامەزراندنی بنکەی سەربازی بکاتەوە، تازە بنکەی سەربازی و باڵیۆزخانەی نوێ لە بەغدا دەکەنەوە،**

هەرێمەکە، زیاتر دڵنیایی بە کوردستان دەبەخشێت، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە تا ئێستا هەنگاوی ئیدارەی ئەمەریکی بەم ئاراستەیە دیار نییە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا لیۆنیل گوتی:

«من نازانم بەرپرسانی ئەمەریکی نیازی ئەوەیان هەیە بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن یان نە، بەڵام بە مەزەندەی من چەند بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا دادەمەزرێت و ئەم بنکە سەربازییانەش لە نزیک سنوورەکان دەبن، بەبۆچوونی من ئەم بنکە سەربازییانە ئەگەر لە کوردستانیش دابمەزرێن ناتوانن بە تەنیا بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەن ئەگەر تورکیا و ئێران بیانەوێت هەڕەشەی جدی بکەن، بۆیە پێویستە لەم حاڵەتەدا پشت بە گەلی هەرێمەکە و هێزی پێشمەرگە ببەسترێت و هاریکاری بکرێت، هێندەی ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس و چاودێر ئاگادارین، ئەمەریکا هیچ بەرنامەیەکی نییە بەم زوانە لە عێراقدا بکشێتەوە هەتا بیر لە دامەزراندنی بنکەی سەربازی بکاتەوە، تازە بنکەی سەربازی و باڵیۆزخانەی نوێ لە بەغدا دەکەنەوە، هەر بۆیە هەتا ئەمەریکاش لە عێراقدابێت بایەخ بە کێشەی کوردیش دەدات، لەم چوارچێوەیەدا ئەمەریکا بیەوێت یان نەیەوێ دەبێت لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەک لە کوردستان دەبێ ڕاستەوخۆ بەشداری تیادا بکات، ئەم بەشدارییەی ئەمەریکاش ڕێگە لە هەڕەشەکانی تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێی عێراق دەگرێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمەریکا پێویستە بایەخ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدات، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە ئەرکێکی زۆر لە کۆڵ ئەمەریکا دەکاتەوە.

## میدیای ئەمەریکی بە دوای سەرچاوەی ڕووداو و هەواڵدا دەگەڕێت

ئەگەر بایەخی سیاسەتی ئەمەریکا بە هەرێمی کوردستان بەو ئاستە بێت کە ڕەنگدانەوەی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ئەمەریکا بێت، بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم هاوپەیمانییە لە میدیاکانی ئەمەریکادا بەو ئاستە نابینرێت، ئێستا میدیای ئەمەریکی هێندە بایەخ بە تەقینەوە و توندوتیژی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور دەدات، هێندە بایەخ بە ئارامی و سەقامگیری و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان نادات.

دەربارەی ئەم دیاردە زاڵەی نێو میدیای ئەمەریکی، ڕۆژنامەنووس لیۆنیل بیهنار گوتی: «ڕاستە ئێستا میدیای ئەمەریکی کەمتر بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، بایەخ بەو شوێنانە دەدات کە سەرچاوەی ڕووداو و هەواڵە وەک دیالە، بەغدا، ئەنبار، سێ گۆشەی سوننە بە گشتی و ئەو ناوچانەی تیرۆریستانی قاعیدەی لێیە، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کوردستان بە ناوچەکانی دیکەی عێراق ناچێت و ئێستا سەرچاوەی هەواڵی ڕۆژنامەنووسی لەو ناوچەیە نییە، هەر بۆیە کەمتر بایەخی پێدەدەن، بەڵام وێڕای ئەمانەش چەندین ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی ئارامی کوردستان و بەرەوپێشچوونی ئابووری لە کوردستان لە میدیاکانی ئەمەریکا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی عێراق کوردستان کەمتر بایەخی پێدەدرێت، من ناخوازم هیچ ڕووداوێک لە کوردستان ڕووبدات، بەڵام ئەگەر سبەی ڕووداوێک لە کوردستانیش ڕووبدات میدیای ئەمەریکا بڵاوی دەکەنەوە

## سیاسەتی ئەمەریکا و تورکیا لە عێراقدا یەکناگرنەوە

بەو پێوەرە تەقلیدییانەی کە تورکیا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە هاوپەیمانی ئەمەریکایە و ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە و لە ناوچەکەشدا هاوسێی عێراقە، دەبوو سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا پاڵپشتی سیاسەتی ئەمەریکا بووایە، بەڵام وەک دەبینین نەک هەر پشتگیری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ناکات، بەڵکو لە هەندێک حاڵەتدا دژایەتیشی دەکات.

دەربارەی ئەم یەکنەگرتنەوەی سیاسەتی تورکیا لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بیهنار گوتی: «من وای دەبینم ئەو پێوەرە تەقلیدیییە بۆ هاوپەیمانی تورکیا و ئەمەریکا دەکرێت، لە بەر چەندین هۆکار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە:

١- لە دەسپێکی شەڕی عێراقدا ئەمەریکا هەوڵیدا تورکیا بکاتە بنکەیەک بۆ کردنەوەی بەرەی باکووری شەڕەکە، بەڵام تورکیا ڕێگەی نەدا، ئەمە سەرەتای دروستبوونی ئەو ساردییەیە کە کەوتە نێوان هاوپەیمانی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا.

٢- سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر عێراق جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا هەیە، لە هەموویان گرنگتر تێڕوانینی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد لە عێراقدا زۆر جیاوازە لە تێڕوانینی ئەمەریکا، بەرژەوەندی ئێستای ئەمەریکا لەوەدایە پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات و زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت، بەڵام تورکیا هەوڵدەدات ئەم هەرێمە تێکبچێت نەک هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت.

٣- تورکیا داوا لە ئەمەریکا دەکات بەهێزی سەربازی کێشەی پەکەکە چارەسەر بکات، بەڵام ئەمەریکا تێڕوانینێکی دیکەی بۆ ئەم کێشەیە هەیە.

ئەم جیاوازییانە و چەندینی دیکەش وایکردووە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەبەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا وەک دژ بخوێنرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد و هەرێمی کوردستان، پێموایە تورکیا ناتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر شتێکی واش ڕوویدا ئەمەریکا هەوڵدەدات کەناڵێکی دبلۆماتی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام ئەم سیاسەتەی تورکیاش گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا نایەت.

